حاڵەتی پۆلامارداان و گەستنی سەگی بۆلانە بە سەر هاووڵاتییان کەمیکردووە



لە 30% حاڵەتی پۆلامارداان و گەستنی سەگی بۆلانە بە سەر هاووڵاتییان کەمیکردووە.

ئەمە یەکشەممە بەسەرپەرشتی ئومەد خۆشناو، پاریزگاری هەولێر و بەمبەستی بەدواداچوون بە پەسەی کەکردنەوەی سەگی بۆلانە لەناو شار و دەرەوەی شار و کەمکردنەوە و نەهێشانییان لە سەر شەقام و ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و گواستنەوەیان بە شلتەری هەولێر کەبوونەوە ئەنجامدرا.

لە کەبوونەوەکەدا، گفتوگۆ لە بارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پەسەکە لەلایەن تیمەکانی خزمەتگوزاری ژینگە پارێزیەوە کرا، هەروەها بەپێی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر هاتووە کە ئامارە تەندروستییەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر دەریانخستووە کە حاڵەتی پۆلامارداان و گەستن لەلایەن سەگی بۆلانەوە بە سەر هاووڵاتییان لە 30% کەمیکردووە.

شایەنی باسە، لە ئێستاشدا هەمەتی کەکردنەوەی سەگی بۆلانە لە سنووری پارێزگای هەولێر دەستی پێکردووە و تائێستا توانراوە زیاتر لە 1000 سەگی بۆلانە کەبکرێتەوە و بگوازرێتەوە بە شلتەری هەولێر، لەو ژمارەیەشدا زەربەی ئەو سەگانە بە چارەسەر و ڕەگریکردن لە کێشەی زەرربوونیان لەلایەن پزیشکی ڤەرتەرنەری شارەزاوە لە ڕەگەی نەشتەرگەریی پزیشکییەوە ڤاکسین و خەساندنیان بە کراوە.